www.kurdistannet.org
29-5-2006 22:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فەلەستین خاکی یەهوودییەکانەو هەموو پارتە ئیسلامییەکانی کوردستانیش دەستکردی دوژمنانن! وەڵامێک بۆ تەواوی جاش ئیسلامییەکان! ... دەرسیم دیبەگەیی

بەناوی کوردو کوردستان

Darsim88@hotmail.com



دوای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە 13. 5. 2006دا بۆ وڵاتی کوێتو، لەسەر وەڵامێکی بارزانی بۆ پرسیاری ڕۆژنامەنووسێک دەربارەی پەیوەندی داهاتووی کوردستانو ئیسرائیل، لەلایەن پارتو لایەنە بەناو ئیسلامییە عەرەبیو کوردییەکانەوە، هەڵڵای گەورە نرایەوە. وەڵامەکەی بارزانی ئەوەبوو کە گووتی: (نازانم بۆ هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەن، ئیسرائیلییەکان لەناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبییەوە هەن، پەیوەندی بەستنیش لەگەڵیدا بەتاوان نازانین.. بەڵام ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی ئێراقی فیدراڵ، ئەگەر بەغدا پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل بەست، بێگومان ئێمەش پەیوەندی هاوشێوەمان دەبێتو کۆنسولگەری ئیسرائیل لە هەولێر دەکرێتەوە، ئەگەر باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی لە بەغدا کرایەوە، بەپێچەوانەشەوە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئیسرائیل نابێت) .
نازانم قسەکانی سەرۆکی کوردستان، چ نایاسایی (ناشەرعی) یەکی تیایە؟ یاخود بۆ دەبێت، پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئیسرائیل تاوان (جەریمە) بێت؟ هەروەکو ئیسلامییەکان وای بۆ دەچن. بەر لەهەموو شتێک باوەڕی تەواوم ئەوەیە کە عەرەب خاکی یەهودییەکانی ئیسرائیلی داگیرکردووە، نەک پێچەوانەکەی ڕاست بێت! فەرموون با چاوێک بەو بەڵگانەدا بخشێنین بۆ ڕاستیو ناڕاستی قسەکانم.

1- (جوەکان لە دەوروبەری ساڵی (2000پ. ز) هاتوونەتە فەلەستینو تیایدا جێگیر بوونە، بەڵام تا ساڵانی1280-1011پ. ز شوێنێکی دیاریکراویان نەبووە، لەساڵی (1011-931پ. ز) توانیان فەلەستین کۆنترۆڵ بکەنو شانشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵام لە (931-721پ. ز) شانشینەکەیان دابەشی دوو دەوڵەت بوو، هەریەک پادشای خۆی هەبوو، شانشینە مەزنەکە لە (سامرە) و بچوکەکەشیان پایتەختەکەی (ئۆرشەلیم) بوو، پاشان لە (721-587پ. ز) زۆربەیان وەک دیل (سەبایە) کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئاشوریو بابلیەکان، بەڵام لە (661-37پ. ز) لەسەر دەستی مەکابییەکان بۆ جاری دووەم ئازاد بونەوە، ئەم ئازادیە تا هاتنی ڕۆمەکان بەردەوام بوو، دواتر ڕۆمەکان لەساڵی 135ز ئۆرشەلیمیان تێکدا وکۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسی جوەکان هات، پاش ئەو کارەساتە بەشێک لە جوەکان لە فەلەستین مانەوە بەتایبەتی لە جەلیل، بەم شێوە تا چەندین سەدە ئەم دۆخە درێژەی کێشا، ئیتر هەندێ جوی ئەو ناوچەیە بە جیهاندا پەرت بوون بەتایبەتی بۆ ئەوروپا) .
2- جوەکان بە بەردەوامی و بەدرێژای مێژو بونیان لە ئیسرائیل هەبووەو یەکەم پرۆژەیان بۆ کۆکردنەوەو ڕاکێشانی جوەکانی جیهانو نیشتەجێکردنیان لە فەلەستینو پێکهێنانی دەوڵەتی جولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1799ز) و سەردەمی ناپلیۆن پۆناپارت. لە 14ی ئایاری 1948دا دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیانرا، بۆ ڕۆژی دواتریش شەڕ لە نێوان عەرەبو جوەکان هەڵگیرسا، شەڕەکە بە سەرکەوتنی جوەکان کۆتایی هات، لەم شەڕەدا توانیان 78%ی خاکی فەلەستین بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئەوەی لە دەست عەرەبەکان مایەوە کەناری ڕۆژئاوا (کە بە ئوردن بەسترایەوە) و، کەناری غەزا بوو (ئەویش بە میسر بەسترایەوە) . لەشەڕی ساڵی1967دا ئیسرائیلیەکان توانیان دەست بەسەر کەناری ڕۆژئاواو کەناری غەزەو سیناشدا بگرن. ناوچەی سینا و بە پێی بەندەکانی پەیمانی کامپ

دێڤدی 1979 لە 25ی نیسانی 1982دا لەڕێگای ئەم ڕێککەوتنە ئاشتیخوازیەی نێوان میسرو ئیسڕائیل بۆ میسریەکان گەڕێندرایەوە.

3- دوای شەڕەکانی خاچپەرستیو داگیرکردنی قودس (مەبەستی لە ئورشەلیم-ە -دەرسیم) بەدەستی سەلاحەددینی ئەیووبی، ئەم ولاتە بەناوی فەلەستین گۆڕیا. وشەی فەلەستین، وشەیەکە کوردیو تەواندەکی وشەی "فەلەستان"ە. فەلەستان وشەیەکە ئاوێتە لەدوو بەشی "فەلە" و "ستان" بەواتای شوێنی کۆبوونەوەی مەسیحییەکانە.

4- (فەلەستان، بەبۆچوونی من لەشوێنی فەلەکانەوە هاتووەو، هی سەردەمی ساسانیانو پێشترە. فەلە بەعیساییەکان دەگوترا. لەسەردەمی سەلاحەددین بووەتە فەلەستین.

5- تیتۆس، لەساڵی (70) ی زاییینیدا یەکێک بووە لە فەرماندەکانی لەشکری ڕۆم لە ئیسرائیلو بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو خراپ دەستی خۆی لە یەهوودییەکان وەشاندووە، ئەو دەست وەشاندنەی ئەو هەم بووەتە هۆی ناوزڕاندنو هەم ناوبانگی دەرکردنی خۆی. تیتۆس، ماوەیەک دوای گەڕانەوەشی بۆ ڕۆم، بووە بە قەیسەری ولات. ڕۆمەکان بەردەوام بوون لەسەر کاولکردنو وێرانکردنی ولاتی جولەکەکان، تاوای لێهات لەساڵی (125) ی زاییینیدا تەواوی شارو دێهاتەکانی ئیسرائیلیان سووتاندو جولەکەکانیشیان بەجیهاندا دەربەدەرو ئاوارەکرد.

6- (قودس، زاراوەیەکی نوێیەو پاش کۆنترۆڵکردنی شارەکە لەلایەن سوپای عەرەبی ئیسلامیو لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی ڕاشیدی عومەری کوڕی خەتاب، لەساڵی (15ک-636ز) ناوی (قودس) بەسەر شارەکەدا بڕاو لەزاراوەی (مقدس) واتە (پیرۆز) وەرگیرا) .

باشە بۆ نابێت، کوردستان پەیوەندی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق هەبێتو لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی دبلۆماسی، بازرگانی، سەربازیو ئابووریلەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت؟ ئەوە نییە، گرۆنلاند کە بەشێکە لە دانیمارکو پەیوەندی فیدراڵی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام دانمارک لەساڵی 1973ەوە ئەندامی ولاتانی (بازاڕی ئەورووپی هاوبەش) ە، کەچی گرۆنلاند تائێستاش نەهاتۆتە ناو ئەو بازاڕە هاوبەشە.

کریستۆفەر کۆڵۆمبس (1451-1506) ، لەساڵی 1492دا ئەمەریکای دۆزییەوە، واتە تەمەنی ئەمەریکا 500 ساڵێکەو تیۆری زایۆنیش کە ڕۆژنامەنووسو نووسەری نەمساوی (تیۆدۆر هیرتزل) لەساڵی 1896دا ئەو تیۆرییەی نووسیو، لەساڵی 1897یشدا ڕێکخراو زایۆنیزمی دامەزراند، دەوڵەتی ئیسرائیلیش لە 14. 5. 1948دا دامەزراوە، واتە تەمەنی زایۆنیزمیش تا ئێستا 110 ساڵە، کەچی تەمەنی زایۆنیزمو ئیمپریالیزمی ئیسلام بە 1000 ساڵ لەتەمەنی ئیمپریالی ئەمەریکیو 1400 ساڵێک لەتەمەنی زایۆنیزمی ئیسرائیلی گەورەترە. کەواتە ئیسلام باپیرە گەورەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکیو زایۆنیزمی ئیسرائیلییە لەڕووی تەمەنەوە. هەر لەبەر داگیرکردنو شەڕو فراوانخوازی نییە، کە عەرەبو ئیسلام ناویان لە ئەمەریکا ناوە ئیمپریالیزمو لە ئیسرائیلیش زایۆنیزم؟ ئەی ئیسلام هەر لەسەرەتای پێگرتنیدا، دەستی نەکردووە بەداگیرکردن، فراوانخوازی، شەڕو پەلامار بۆ سەر زاکو نەتەوەکانی تر، هەتا لەنێویاندا چەندین نەتەوەی بەئایین موسڵمانیش؟ ئەی میسر ولاتی قبتییەکانو سودان هی ئەفریقییەکانو باکووری ئەفەریقا ولاتی ئەمازیغەکان نەبوو؟ هەموویان چیان بەسەر هات لەسەر دەستی ئیسلام؟ ئەی کوردستانەکەی خۆمان کە خاکی لەمێژیینەی نەتەوەی کوردەو، کوردیش موسڵمانن، کەچی عەرەب، تورکو فارسی موسڵمان خاکەکەیان داگیرو دابەشکرد!! ئەو دڕندێتیو کارە ناشیرینانەی ئیسلام لەکاتی داگیرکردنو دەسەلات فراوانکردندا ئەنجامی داوە، لەمێژوودا وێنەی نەبووە. پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرانی کورد بەئاشکراو بێ ترس لەسەری بنووسن!

باشە بۆ کورد بۆی نەبێت، سوود لەو پەندە کوردییە وەربگرێ کە دەڵێت: (دوژمنی دوژمنم دۆستە، دۆستی دوژمنم دوژمنە) . ئەی ئەوە نییە فەلەستینییەکان، چەندین ساڵە نەک هەر دۆستی دوژمنەکانمان (بەعس) ن، بەڵکو هاوکارو یارمەتیدەری ئەو رژێمە فاشیو شۆڤینیستەش بوون. بابزانین ئەو فەلەستینیانەی کە ئیسلامییە کوردەکان فرمێسکیان بۆ دەرێژن و لەپێناوی ئەو سپڵانەدا تەنانەت رووبەرووی نەتەوەکەی خۆشیان دەوەستنەوە، هەڵوێستیان بەرامبەر بە کوردو کوردستان چۆنە؟

1- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەرە (56) ی پەرتووکی "ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا" نووسیویێتی: (ئەوەش حاڵی "ئەبو عەممار" کە پەنجا هەزار لاوی لە فەلەستینی سەربڕاو ناردو هاویشتنیە ناو تاریکستانی گومڕاییو خەڵەتاندنەوە... وەک یەکێ لەسەرکردەکانی بەئاشکراو بێ پەردە رایگەیاند، کە ئەبو عەممار ئەمانەی ناردە لای سەددام تا دژی هەموو شتێکی رەواو شەرەفمەندانە پاڵپشتی بکەن) . (7)

2- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەرە (55) ی پەرتووکی "ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا" نووسیویێتی: (کاتێک فڕۆکە جەنگییەکانی ئێراق، کوردستانیان دایە بەر هێرشی بۆمبای کیمیاوی، "رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین" بەهەموو سازمانو توێژەکانییەوە، نەوەکوو هەر دژی نەوەستا، بەڵکوو ئەو هێرشو پەلامارە کیمیاوییەی بە درۆودەلەسەی ئەمەریکا دانا. هەروەها هەڵوێستی "رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین" کە لە رۆژنامەی (العرب) دا لە (20. 9. 1988) دا هاتووە، هەڵوێستێکی زۆر شۆڤینییانەو دوژمنانە بوو، پاڵپشتی تەواوی بەعسی ئێراقیان دەکرد. ئەمەش هەڵوێستی فەلەستینییەکانە کە لەرۆژنامەی (العرب) دا نووسیویانە: (ئەو هێرشەی لەلایەن کۆنگرێسو بەرێوەبەرایەتی ئەمەریکا دەکرێتە سەر ئێراق، بەئامانجی ترساندنو ورووژاندنی ئێراقە، کە دەیەوێ لەبەرامبەر کەللە رەقی ئێراندا بکەوێتە گفتوگۆیەکی راستەقینە. هەروا ئەو هێرشە بۆ ئەوەیە کە راپەرینی خەڵکی فەلەستینو تیرۆریزمی زایۆنی دژ بە فەلەستین لەبەر چاوی رای گشتیدا بشارنەوە) . (8)

3- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەرە (56) ی پەرتووکەکەیدا نووسیویێتی: (بۆ دامرکاندنەوەی راپەرینی گەلی ئێراق، بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراقدا، شانبەشانی هێزەکانی سەددام بوەستن، ئەمەش لەسەر داوای خودی یاسر عەرەفات بوو، هەروەها (بەرەی رزگاریخوازی عەرەبی) و (سوپای ئازادیخوازی فەلەستین) یش... هتد لەم حاڵە بەدەر نەبوون. ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، چەند لایەنە فەلەستینییەکان لەناوەرۆکی ئەو دیموکراسیو پێشکەوتنخوازیو ئازادیخوازییەوە دوورن) . (9)

4- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لەلاپەرە (55) ی هەمان سەرچاوەدا هەمان لاپەرەداو بەپشتبەستنی بەهەمان سەرچاوەو لاپەرەی ناوبراو لەسەرەوەدا، نووسیویێتی: (گۆڤاری فلسگین الپورە) ، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەکورد بەمشێوەیە دیاری دەکا، (سووربوون لەسەر داواکاری وەهمی جیاوازی، مانای بەردەوامبوونی خوێنرژانی بەخۆڕاییی کوردەکانو ئەوانی ترە... جیاخوازە کوردەکان، هۆشی خۆیان لەدەست داوەو خۆیان لەپەندو وانەکانی مێژوو گێل دەکەن، ئەرمەنییەکانیش لەساڵی (1914) دا بە گفتەکانی ئینگلیز هەڵخەڵەتان، گوایا دەوڵەتی بۆ دادەمەزراندن، لەئاکامدا قەسابخانەیان بۆ دامەزرا) . (10)

باشە، ئەی باشووری کوردستان لەلایەن ئاغاکانی دەستەی زانایانی تیرۆریستو ئیسلامییەکانەوە داگیر نەکراوە؟ ئەی بۆ جاش ئیسلامییەکانی کوردستان، بەوان ناڵێن داگیرکردنەکەتان نایاسایی _ناشەرعی) یە؟ یان ئەو جاش ئیسلامییانە پێیان وایەو بەزاراوەکەی خۆیان، باشووری کوردستان لەسەر دەستی ئیسلامو ئەو تیرۆریستانەوە فەتح کراوە؟ ئیسلامییەکانی کوردستان، ئەوەندەی دڵسۆزن بۆ عروبەو ئیسلام، چارەکی ئەوەدڵسۆز نین بۆ کوردو کوردستان. ئەگەر وانییە بۆ هیچ کام لەو ئیسلامییە بەناو کوردستانییەکانو لەراستیدا وابەستەی داگیرکەرانی کوردستان، تەنانەت نارەزاییان دەرنەبرِی

لەئاست دروشمی عەرەبە داگیرکەرو زایۆنییەکانی کەرکوکو تۆرانییەکانی داردەستی تورکیا، کاتێ لە خۆنیشاندانی 31. 12. 2004دا پڕ بەقوڕگیان هاواریان دەکرد: (لا الە الا اللە... کوردستان عدوا اللە) ؟ یان ئیسلامییە کوردەکانیش، هاوبۆچوونن لەگەڵ ئەو دوژمنانەماندا، بۆیە بێدەنگییان هەڵبژارد؟

ئەی بۆ دەربارەی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەناو ئیسلامییە کوردانە نوزەیان لەدەم دەرناچێت؟ ئایا چونکە پێیان وایە، ئێرانیش بەزاراوە ناشیرینەکەی خۆیان ئەو پارچەیەی کوردستانیان فەتح کردووە؟ یان لەترسی پارە بڕینی جاشایەتییەکەیان بۆ ئێران نوقە ناکەن؟ ئەی بۆ کاتێ کە سەرۆکی ئێرانی، محەمەد خاتەمی، لەکاتی مەراسیمی ناشتنی تەرمی پاپادا لە 8. 4. 2005دا، دەستی خستەناو دەستی سەرۆکی ئیسرائیل (مۆشی کاتساف) و قسەی لەگەڵ کرد، ناڕەزاییان لەو کارەی خاتەمی دەرنەبڕی؟
ئەی بۆ لەئاست باکووری کوردستانەوە وا بێدەنگن؟ یان لەبری چەند ڤیزەیەکی مانگانەیان، چۆن کاتی خۆی قوڕوقەپیان لێکردووە، هەروا بەلاڵی ماونەتەوەو بێدەنگن؟ ئەی تورکیا، پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل نییە؟ ئەی ئەوە نییە، چەندین ساڵە تورکیا پەیوەندی دبلۆماسی، ڕامیاری، ئابووری، بازرگانیو سەربازی هەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل؟ ئەی باشە بۆ ئەو جاش ئیسلامییانە، پەیوەندی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بەپەیوەندییەکی نایاسایی بەزمانی ئایینی خۆیان (ناشەرعی) دانانێن؟ یان وەکو کورد گوتەنی ترسی "کوتەک دەزانێ قۆناغ لەکوێیە" بێدەنگی کردوون؟ نازانم بۆ هەر پەیوەندییەکی عەرەبی، تورکیو فارسی لەگەڵ ئیسرائیل، هیچ لایەنێکی ئیسلامی باسی ناکات؟ کەچی هەزارەها شت بۆ کورد دەهۆنێننەوە، وەکو ئەوەی کە گوایە بەدرۆی موسڵمانە داگیرکەرەکانی کوردستان، 150 هەزار ئیسرائیلی لە کوردستاندا هەنو لەدەڤەری موسڵدا 200 کیلۆمەتر دووجا زەوییان کڕیوە!!!!

ئەی باشە، یاسر عەرەفات، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین، لەساڵی 1993دا دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دا نەناوە؟ ئەی یەکێ لە ڕاوێژکارەکانی شا حەسەنی شای مەغریب، یەهودی نەبوو؟ بۆ تاکە ئیسلامێکی عروبی ناڕەزایی دەرنەبڕی؟ ئەی دەوڵەتی مۆریتانیای عەرەبی، پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل نییەو، هەردوولا باڵوێزخانەیان لە وڵاتی یەکتر نییە؟ ئەی چەندین ساڵ نییە ئالای ئیسرائیل لەئاسمانی وڵاتی میسری عەرەبی دەشەکێتەوە؟ سەیر ئەوەیە، شۆڤینیستێکی تا سەر ئێسقانی وەکو سەبری ترابیەی میسری، سەرەڕای ئەوەی کە ئالاکەی ئیسرائیل، ڕۆژانە لەلووتی دەچەقێ، کەچی کورد بەزایۆنیو دڕندە دادەنێتو چاوی کوێر بووەو ئەو ئالایەی قاهرەو شێخ شەرەم نابینێت! ئەی بۆ تاکە ئیسلامییەکی عەرەبیو کوردستانی، ڕۆژێک لەڕۆژان گلەییەکیان لە شا حوسێنی ئوردەن نەکرد لەسەر پەیوەندییەکانی بە دەوڵّەتو سەرانی ئیسرائیلیدا؟ ئەی لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە نییە، شانشینی ئوردنی عەرەبی، پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیەو ئیستاش پەیوەندییەکەیان لەسەر ئاستی باڵوێزخانەدایە؟ ئەی چەند ساڵێک بەر لەمردنی شای ئوردن، شا حوسێن بەبەرچاوی هەموو جیهان دەستی ژنەکەی ئیسحاق ڕابینی ماچ نەکرد؟ ئەی بۆ باسی پەیوەندی ئیسرائیلو دەوڵەتی قەتەر ناکەن؟ ئەی وەزیرانی پەروەردە لە مانگی 2ی ساڵی 2005داو هەروەها وەزیرانی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە لەمانگی ئەیلوولی هەمان ساڵدا یەلتریان نەدیت؟ دوای یەک دوو هەفتەش وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل (ئارییل شارۆن) سەردانی وڵاتی تونسی عەرەبی کرد! کەچی نەمان بینی تاکە پارتێکی ئیسلامی ناڕەزایی دەربڕێت؟ ئەی سەرۆکی سوریای عەرەبیش، بەشار ئەسەد، لەکاتی مەراسیمەکەی ناشتنی تەرمی پاپادا لە 8. 4. 2005دا، دەستی نەخستە ناو دەستی سەرۆکی ئیسرائیل (مۆشی کاتساف) ؟ بۆ کەسێک یان پارتێکی ئیسلامی نەیان گوت کارێکی (ناشەرعی) بوو؟ باشە هەر ئەو ئیسلامییە بەناو پەرلەمانتارەی کورد (عەلی باپیری، سەرۆکی بەناو دەستەکەی کۆمەڵی

ئیسلامی) ، کاتێک کە لە 14. 6. 2005دا بۆ مارشی نەتەوەییمان هەڵنەستایەوە بەبیانوێ ئەوەی کە: (نابێت (جائز) نییە لەکاتی لێدانی مارشدا مرۆڤ هەستێتەوە سەرپێ) ، دەتوانێت ئەگەر هاتوو بەسەردان لەوڵاتێکی ئیسلامی بوو، بۆ مارشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە هەڵنەستێتەوە؟ دڵنیام بەشەق و شولاق دەری دەکەنە دەرەوە.

هەروەها مەلا عەلی عەبدولعەزیزی سەرۆکی بەناو دەستەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لەدیمانەیەکدا کە ئیبراهیم هەورامی لەگەڵی ئەنجام داوەو لە هەفتەنامەی "ئاسۆ"دا بڵاوکراوەتەوە، زۆر بێشەرمانە دەڵێت: (بەڕاستی ڕووداوەکانی (فەلوجە) مایەی سەرکەوتن بوو بۆ موسڵمانان، نەک ماسڵمانانی ئێراق بەڵکو هەموو جیهان، چۆن ئێستا هەڵەبجە بووەتە هێمای کورد، (فەلوجە) ش بووەتە هێمای سەرکەوتنی موسڵمانان) . هەر هەمان مەلا لە 16. 3. 2006دا مۆنیمێنتی هەڵەبجەی بە شێرپەنجە ناوبرد!! باشە کوا دڵسۆزیو بە پەرۆشی ئەو پارتو سەرکردە ئیسلامییە بەناو کوردستانییانە؟ ئەی ئەگەر ئەو کارانەی کە ئەوان دەیکەن ناپاکی لە کوردو کوردستان نەبێتو، جاشایەتیو کرێگرتەیی نەبێت بۆ وڵاتانی ئیسلامی داگیرکەری کوردستان دەبێت چی بێت؟؟؟؟

ماوەیەک لەمەوبەر دکتۆر فوئاد مەعسوم گوتی: (ئیسلامییەکان لەسەر داواکردنی پارتە عەرەبییە ئیسلامییەکان، داواکارییەکانی خۆیان لەسەر ئێمە زۆرتر دەکەن) . باشە ئەی ئەو کارەی ئیسلامییە کوردەکان، ناچێتە خانەی ناپاکی نیشتیمانی کاتێک بەقسەی ئیسلامییە شۆڤینیستو عروبییەکانی ئێراقی داواکانی خۆیان بەرز دەکەنەوە؟ ئەی ئەوە مانای بەکرێگیراویو جاشێتی ئەوان نییە بۆ عەرەبو داگیرکاران؟؟؟؟

هەر بۆیەش پێم وایە تەواوی پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان، بەبێ هاوێرکردنی هیچیان، نۆکەرو داردەستو جاشی وڵاتانی ئیسلامیو داگیرکەری ئیسلامین، هەروەها هەموویان بەپارەو لەسەر داوای داگیرکەرانی کوردستان دروست بووینە، بۆ ئەوەی خەنجەری ژاراوی لەدواوە لە کوردو کوردستان بدەن. تەواوی ئەو پارتو ڕێکخراوە ئیسلامییانەی کوردستان، دوژە نەتەوەییەکەی کوردستانیان قوربانی بیری ئایینی کوێرانەی ئیسلام کردووە!! بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان لەلایەک هەوڵدات بۆ نەهێشتنو قەدەغەکردنی ئەو ئیسلامییە ڕامیارییانەی کوردستانو، ڕۆشنبیرو نووسەرانی کوردستانیش نۆکەرێتیو جاشایەتی ئەوانە بۆ خەڵک ڕوونبکەنەوەو لەمەودواش زاراوەی جاش ئیسلامی بەکاربێنن بۆ تەواوی ئەو لایەنە ئیسلامییانەی کە نۆکەرێتی داگیرکەرانیان پەسەند کردووە.

سەرچاوەکان:

1. سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا، دۆسیەی ئیسرائیل ژیانی سیاسی لە ئیسرائیل: دیموکراتی نەژادیی، یان تاکە ڕژێمێکی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ گۆڤاری پێشهـــــــــات ژمارە 9 ئاداری 2005. پێشهات، وەرزە گۆڤارێکی سیاسی، ڕوناکبیرییە، ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەڵمانیا دەری دەکات.
2. گەمان سەرچاوەی پێشوو.
3. پەرویز جیهانی، سوڵتان سەلاحەدینی ئەییووبیو کردەوەوەو بیروڕاکانی، وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕەسووڵ وەیسی، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی، ژمارە 101-102، ساڵی دەهەم، سارماوەز – بەفرانباری (1373) .
4. عەبدولخالق سەرسام، ئاڤێستای نەورۆز ئەو کاتانەی ئێراق هەمووی کوردستان بوو کاوەی گووتی (جاف) و ئەژدیهاک بابلی بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، کوردستان – هەولێر 2005. ل 202

5. بەداخەوە ناوی ئەو سەرچاوەیەم بیر نەکەوتەوە، زۆریش بەدوایدا گەڕام نەمتوانی بیدۆزمەوە، بۆیە داوای لێبووردن لە نووسەرو لە خوێنەرانیش دەکەم.
6. کەیوان ئازاد ئەنوەر، کورد لەچەند تۆمارێکی مێژووییدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی- کوردستان 2005. ل95
7. ابراهیم محمود، یوره الکورد عربیا بعد حرب الخلیج، الگبعه الاولی، بیروت 1992. ل96
8. خالد خالد کۆچی، هەڵوێستی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەمەڕ کێشەی کورد، ڕابوون، ژمارە (5) ، سوید 1993. ل69
9. ابراهیم محمود، یوره الکورد عربیا بعد حرب الخلیج، الگبعه الاولی، بیروت 1992. ل118-119
10.10- خالد خالد کۆچی، هەڵوێستی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەمەڕ کێشەی کورد، ڕابوون، ژمارە (5) ، سوید 1993. ل69

29. 5. 6200 دووشەممە